# له زمانی بەڵگەنامەكانەوە...

**عەداڵەت عومەر**

چالاك لە بواری ئەنفال و بیسەروشوینەكان

2007\6\29



پاش دەرچوونی بەڵگەنامەكان لە هەفتەنامەی میدیا ژمارە (293) لە 2007\6\12 وپەیوندی كردنی ژمارەیەك لە كەس وكاری قوربانیان بۆ وەرگرتنی نوسخەیەك لەو بەڵگەنامەی كە ناوی كەسوكاریان تیدایە ، ئەو بەڵگانامانە هەر وەك پێشتر باس كرا باس لەو رەشەكوژیانە دەكات كە لە نیوان ساڵانە 1986-1990 لە لایەن رژیمی بەعسەوە دەرهەق بە هاووڵاتیان دەكراو بە( المخرب)،( المجرم المقبور) لە قەڵەمدراوەن ،لەم بەڵگەنامانە ناوی سەدان كەس كە هەندێكیان ناوی تەواو و هەندێكیان بێناو نیشان و بێناسنامەن ،لە ماوەی ئەو سالانە روانەی نەخوشخانەكانی هەولێر كراون تا بەڵگەی وەفاتیان بۆ بكرێ و دواتر بۆ ناشتنیان بدرینە دەست شارەوانی هەولێر و ئەوانیش لە سیدارەدراوەكانیان لە قبرستانی كارگەی قیر هەولێر شاردوتەوە.

بەڵگەنامەی یەكەم بە نوسراوی نهێنی ژمارە (ش.س.التحقیق \1539) لە رێكەوتی(27\6\1988 ) لە ئیستخباراتی ئەمنی پارێزگای هەولێر بۆ نەخوشخانەی جمهوری روانەكراوە كە تیدا نوسراوە بەڵگەنامەی وفات بۆ ئەو تێكدەرانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە دروست بكرێ ، بەڵگەكە ناوی دە كەسی تیدایە كە یەكێكیان ئافرەتە، ناویان بەم شیوەیە:

1.تارق تاهیر علی 2.سالار سالح علی 3.محمد خزرمعروف 4.سالم عزیز توفیق 5.بهاالدین احمدامین 6.خزر یوسف باپیر 7.شاكر فتاح احمد 8.خزر محمد درویش 9.لعلی عزیز مستەفا 10.سلیمان خزر محمد.

بەڵگەنامەی دووەم بە نوسراوی ئەو پەری نهینی ژمارە ش3\ق1\10475 لە رێكەوتی 26 كانونی یەكەمی 1987 لە بارەگای یەكەی \5228 بۆ نەخوشخانەی هەولێری فێركاری –پزیشكی دادی هەولێر كە تیدا نووسراوە بەڵگەی وفات بۆ ئەو تێكدەرانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە دروست بكرێ پیش شاردەنەوەیان لەو بەڵگەنامەیە ناوی دوو كەس هاتووە و ناویان بەم شیوەیە نوسراوە:

1.المجرم سردار خزر رحمن 2.المجرم مهاباد شیخ محمد .

هەروەها بەپێی ئەم بەڵگەنامان وا دەردەكەوێت زۆربەی ئەم قوربانیانە لە قبرستانی كارگەی قیر هەولێر بێ ناو نیشان نێژرابن هەر بۆیە پێشنیار دەكەم پەیكەری( **سەربازی ون**) لەم شوینە بۆ رێزلینانیان دروست بكرێت .

Dengekan

/الشهاده عرس الابطال/

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية امن محافظه اربيل
العدد / ش.س. التحقيق/ ١٥٢٩
التاريخ ٢٧/ ٦/ ١٩٨٨

// ســـرى //

الى / مستشفى اربيل الجمهورى

م / جثث مخربيـــــن

==============

نرسل اليكم جثث المخربين المدرجه اسمائهم ادناه
يرجى استلامها وتزويدنا بشهادات وفاتهم لطفاً.

ع/مدير امن محافظه اربيل

الاسماء :ـ

=========

١. طارق طاهر علي
٢. سالار صالح علي
٣. محمد خضر معروف
٤. سالم عزيز توفيـــق
٥. بهاء الدين احمد امين
٦. خضر يوسف بابير
٧. شاكر فتاح احمـــد
٨. خضر محمد درويش
٩. لعلي عزيز مصطفى
١٠. سليمان خضر محمد

www.dengekan.com
8/7/2007

Dengekan

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية

مقـــر

الوحـــــــــدة / ٥٢٢٨

العدد / ش٣/ق١ / ١٠٤٧٥

التاريخ : ٦ م ك١ ٨٧

الى / مستشفى اربيل التعليمي ـ الطبابة العدليـــة

الموضوع / دفن مخربيـن

نرسل اليكم جثتي المجرمين المدرج اسميهما ادناه راجين استلامهمـا والتصرف بهما من قبلكم وتزويدنا بشهادة الوفاة الخاصة بهمـــا ...

مع التقديـــر .

الاسماء

١. المجرم سردار خضر رحمن

٢. المجرم مهاباد شيخ محمد

العقيد الركن

آمر الوحـــــــــدة / ٥٢٢٨

(١ ـ ١)

سري للغاية